# أةهةندي ضوارةمي تيوري غةم لاي ذناني ثاشماوةي ئةنفال .... كازموة سالح ... بةشي (1)

**بەشی یەکەم**



ئەگەر ئەمڕۆ ژنانی کورد درک بە کەم و کوڕی لاسەنگیەکانی خەباتی خۆیان بکەن، بزانن پێویستە خەباتی خۆیان لە خەباتی کۆیلایەتی و ژێردەستی دەسەڵاتەوە بگوێزنەوە بۆ خەباتی خودی یان فیمینیستی، ئەو کات بیر لە یەکخستنی ماڵی ژنی کورد دەکەنەوە نەک بە پێی گرژ و خاوی پەیوەندی نێوان دەسەڵات و بەرژەوەندیەکان ئەوانیش پەیوەندیان بەهێز بێت، ئەو خەباتە فیمینزمیەش یەکێکە لە پێویستیە هەنوکەیەکانی جیهانی کوردی و فەرامۆش کردنی ئەو پنتەش ئەسپی خەیاڵی ژنان بە جیهانێکی یەکسان کە هەموو مافەکانیانی تێدا دەستەبەر بکەن بەرەوە هەڵدێر دەبات.

ئەمڕۆ ژنانی کورد ئەرکێکی زیاتر و قورستریان لە سەر شانە بەراورد بە ژنانی جیهان، چونکە ئەگەر سەرجەم ژنانی جیهان لە کێشە کۆمەلآیەتی و سیاسی و ئابوریەکاندا وەکو سێ تەوەری هاوبەش، هاوبەش بن، ئەوا لە غەمی ژنانی پاشماوەی ئەنفال و ژنانی پاشماوەی کارەساتی هەڵەبجەدا تەنها بەسەرهات و غەمی ژنی کوردە و تەنانەت ئەنفال ئەوەندەی لە سەر نەگوتراوە دەنگی پاشماوەکانی ئەنفال بگات بە جیهان. بۆیە کێشەی ئەوانە وەکو رەهەندی چوارەم و لە کێشەکانی تر گرنگتر ە و وەکو سێ رەهەندەکەی تر پێویستی بە کارکردن و لێکۆڵینەوەی زانستی هەمەلایەنە هەیە، ئەوەش پێویستی بە عەقڵێکی زانستی فیمنستی دروست هەیە، چونکە کێشەی ژنانی پاشماوەی ئەنفال لەوە گەورەتر ە هێندە بە ساکارانە بخرێتە بەر باس و بۆچونی زانستی. وەکو ئاماژەم بۆ کرد پێویستە کێشەی ژنانی پاشماوەی ئەنفال و هەڵەبجە بخرێتە یەک تەرازووی بەرانبەر بە تەرازووی سەرجەم کێشەی ئابوری و کۆمەلآیەتی و سیاسیەکان، مەبەستمە بڵێم وەکو چۆن هەر سێ تیورە فیزیکیەکە کە لە زانستی فیزیادا هاتوە " درێژی و پانی و بەرزی بە سێ تیوری ناتەواو ژمێردرا لای ئەلبیر ئەنشتاین و بە دوای رەهەندی چوارەمدا گەڕا و بەرجەستەی کرد کە رەهەندی کات " زەمەن " بوو، ژنی کوردیش ئەرکی خۆیەتی ئەمڕۆ متمانەی بەوە هەبێت کە ئەو سێ رەهەندەی تا ئێستا بۆی تێکۆشاوە وەکو رەهەندی ئابوری و کۆمەلآیەتی و سیاسی، تێکۆشانێکی ناتەواوە و پێویستە بە دوای رەهەندی چوارەمدا بگەڕێت کە تیوری غەمە لای ژنانی پاشماوەی ئەنفال، واتە لە داهاتوودا ژنی کورد بلێت تێدەکۆشم بۆ کێشە کۆمەلایەتی و سیاسی و ئابوری غەمۆکیەکانم، دەکرێ بگووترێ تیورە فیزیکیەکانی ئەنشتاین چ پەیوەندیکیان بە کێشەی ژن و ئەنفالەوە هەیە بۆیە دەمەوێ بچمە سەر تیورەکان و بۆچونی خۆم لە سەر مەسەلەی ژنانی ئەنفال و کێشەی ژن بە گشتی بەو تیوەرانەوە. بەڵام بەر لەوە دەمەوێ لە سەر مەبەستە سەرەکیەکەی خۆم بدوێم کە تیوری غەمە.

**تیوری غەم**

ئەگەر غەم و پەژارە وەکو تیوریەک دابنێین ئەو تیورەی کە لە سەدە دێرینەکانەوە زانایان و بیریارانی جیهان خۆیان لێ نەبواردووە و هەردوو میکانیزمی " تراژیدیا " و " کۆمیدیا " جێگەی بایەخ و باسەکانیان بووە، لە کورترین دەربڕیندا تراژیدیا غەمە و کۆمیدیاش شادی، زادەی بیر و هۆش و هەستی زۆربەی فەیلەسوفەکانی جیهان بووە، بەڵام تراژیدیا مەودایەکی بەرفراوانتر و بوارێکی زیاتری لە بایەخ و تیورەکانیان گرتوە وەکو فکر و ئەدەب و زانست، ئەویش بە هۆی هاوتەریب بوون و وابەستەبوونی راستەوخۆی غەم بە چەمکەکانی تری مرۆڤایەتی و ژیانی مرۆڤ، وەکو خێر و شەڕ و راست و درۆ کارەساتە سروشتی و مرۆیەکان.

کەمیش نین ئەو زانا و بلیمەتانەی کە بە نووسەری کارەساتەکان و غەمەکانی مرۆڤ ناسراوون، وەکو بلیمەتان هیگل و نیتشە وفرۆید و ئەسخیلۆس... تاد بیرمەندانە ئەو واتانەیان خستوەتە بەر تێبینی و روانگەی جیاوازی خۆیان، وەکو پراکتیک و وەکو لێکدانەوەی چەمکیش و بەستنەوەی بە ریالیستەوە، لە رێگەی کارە وێژەییە باڵاکانەوە، نموونەی کەسایەتی نێو بەرهەمەکانی دیستۆفسکی، سارتر، ئەرستۆ، تۆلستۆی، کافکا، ستندال، گۆتە و مان و تاد کە تیوری غەمیان خستوەتە روو بەرانبەر بە بە غەم و پەژارە و هەستەکانی مرۆڤ وەکو خێر و شەڕ و خۆشەویستی و رک و قوربانی دان و خۆپەرستی، هەموو لە سەر ئەوە کۆکن کە غەم و کارەسات رەگێکیان لە سروشتی مرۆڤدا هەیە، بەڵام ئەو غەمەی لە سروشتی مرۆڤدایە وەکو کۆمیدیا بەرامبەر بە تراژیدیا دەتوانین بڵێین غەمێکی هونەریانەیە لە سروشتی مرۆڤدا، چونکە زۆر جار شێوەی مرۆڤ گوزارشت لە ناخی ناکات، هەر لە بەر ئەوەشە دەکرێ کەسێک هەڵبژێریت بۆ رۆڵێکی کۆمیدی و لە ناخدا غەمبار بیت و پێچەوانەکەشی، ئەمە پێی دەگوترێ غەمی خۆرسکی و سروشتی، جیاوازە لە غەمی کارەساتاوی یان مرۆڤی کارەساتاوی کە زانایان باسیان کردوە، هەروەها راڤەی غەم لای ئەو بیریارانەش کە باسمان کرد جیاوازە لەو غەمەی کە فەیلەسوفە هاوچەرخەکانی وەکو ئگلتۆن باسی دەکەن، ئەمەی دواییان تیورەکانی خۆی زیاتر لە رەهەندەکانی شەڕ و کوشت و بڕی و برسی

کردن و تیرۆری سیاسی و ئەو ئاکارە دژ بە مرۆڤانەی لە رۆژگاری ئەمڕۆدا زاڵن، قوڵبوەتەوە کە پێ ی وایە ئەو "کاتەی رووبەری غەمەکان بەرفراوانتر دەبێت هەستیاری مرۆڤیش بەرانبەر چەمکەکە زیاتر دەبێت، کە سەردمە خوێناویەکان بە بە غەمبارتر و پڕ کارەساتر دەژمێردرێت "زۆر کەسیش بە هەڵە دژی مرۆڤایەتی سەبوری خۆی دەدات، بەڵام وەکو ئگلتۆن ئاماژەی پێکردوە سەدەی بیستەم سەدەی خۆین و شەڕ و وگێرەشێوێنی و پێچەوانەی دیموکراسی بوە.

مرۆڤیش وایدەبینێت کە شارستانیەت بەو شێوە کاولکارانە هەڵگەڕاوەتەوە بە سەر خۆیدا، بەرهەمی سەرمایەداریش دەبێ بە هۆی لە دایک بوونی رۆشنبیرانێک کە لە سەر بنەمای خۆویستی و پێگە مادییەکان جێگیر دەکەن. کەواتە لە هەموو روانگەکانەوە غەم واتە تەسلیم بوون، " نیکیت " لە واتای غەمدا کارەساتەکان بە گەڕانەوەی مێژوو بۆ بەر لە کارەساتەکان دەچوێنێت، کەواتە ئەو نەتەوانە و ئەو گەلەی تووشی کارەساتی گەورە و غەم دەبێت مێژوویشی لە رووی داب و نەریت و کەلتوور و فاکتەرە کۆمەڵایەتیەکانەوە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەکانی بەر لە مێژوو بەر لە درک کردنی مرۆڤ بە شارستانیەت و هیچ پێگەیەکی سیڤلی، وە ئەگەر ئێمە سەیری کوردستان بکەین یەکێک لە پلانەکانی ئەنفال گەڕانەوەی کورد بوو بۆ بۆ بەر لە مێژوو بۆ بنەمای دواکەوتویەتی و بێ جیاوازیەتی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی لە ناو کوردا بە شێوەی نەگەتیڤەکە نەک پۆزەتیڤ، چونکە ئەوەی رۆحی بەرگری بوو ئەنفالی کرد، لادێ و شاری بە یەکەوە تێکەڵ کرد و رەتکردنەوە و پەسەنکردنی دروست کرد لە نێوان دوو لایەن کە هەتا رادەیەک خەڵکی کورد بە گشتی عەشایەرگەرییە و نزیکە لە داب و نەریتی لادێ یەوە، بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە جیاوازییەکی باشیش نەبووە و ئەو تێکەڵاوکردنە زیانی بە ژیانی سڤلی کورد لە ناو شارەکاندا و ئابوری کورد لە دەرەوەی شار و داب و نەریتی گوند نشینەکان نەدا و لە سەروو غەمی خۆیانەوە تووشی شۆکێکش نەبوون، لە لایەکی دیش کردنی بە دوو کۆمەڵ یەکێکان ئەو کۆمەڵەی کە دەبێ لە کۆمەڵگەی زۆرەملێی وەکو " نەسر و سمود " دا بژی و پێیان بگوترێ ئەنفال و لادێ نشین کە بە تێڕوانینە بەعسیزمانەی رژێمی دکتاتۆر واتە پلە سێی لە مرۆڤایەتیدا چونکە کورد خۆی ئەگەر پلە هیچ نەبووبێت پلە دوو بووە لە هاوڵاتی بووندا، بەڵام بۆ پاشماوەکانی ئەنفال هەوڵی داوە هەمیشە لە کوردە شارنشینەکانیش روناکیەکی گوماناویتریان بخاتە سەر و بە پلەیەک کەمتر بیانژمێرێت و لە دەروونی خەڵکیشدا ئەوە بچێنێت، ئەمانەش هەموو کاریگەری دەرونی لای هەردوو لا بە جێهێشتوە، کە کاریگەری هەبووە و دەبێت بۆ سەرجەم تیورە فیزیکی و رۆحیەکان لای مرۆڤ.

غەم و تیورە فیزیکیەکان

باسمان لەوە کرد کە غەم کاریگەری دەروونی گەورەی لێدەکەوێتەوە، ئاشکراشە هەموو کاریگەریەکی دەرونی رەنگ دەداتەوە بە سەر تیورە فیزیکیەکانی مرۆڤدا، ئەوانەی کە ماسلۆ بە خواردن و خواردنەوە و سێکس دایاندەنێت، بە پێی بۆچوونە زانستیەکانیش کەسایەتی کارەساتاوی ئەو کەسایەتیەیە کە لە نووسینە ئەدەبیەکاندا بە باشی خراوەنەتە روو، بە کەسایەتیەک دەژمێردرێت کە (گرێی ئۆدیب) ی هەبێت، بەڵام لە رووە زانستیەکانەوە زۆر جۆر گرێی جیاوازی هەیە، کە سروشتی مرۆڤ بەرجەستە دەکات چونکە وێنەیەکی دووفاقی لە لا دروست دەکات وەکو وێنەی فریشتە و دڕندە، ئەو کەسایەتیە ترسناکە بووە بە هێمای کارەساتاوی بۆ مرۆڤایەتی کە هەڵگری کۆمەڵێک فاکتەری ناتەبا و تاریک و دووفاقە، زۆربەی زانایان لە دۆزینەوەی پەکیان کەوتوە، چۆن خود وپاڵنەرە راستەقینەکان خود و پاڵنەرە راستەقینەکانی پێش مامەڵە و کردەی کەسی خەمۆکەوەن، لە بەر ئەوەیە ئۆدیب کە توانیویەتی راڤە و شیتەڵی کێشە دەرونیەکانی مرۆڤ بکات نەیتوانی راڤەی خۆی بکات، لە بەر ئەوەش فرۆید پێشنیازی ئەوەی کرد کە گرێی ئۆدیب وێنەی بەرجەستەکراوی سەرجەم مرۆڤایەتی یە بێ جیاوازی، ئەویش نەک لە بەر ئەوەی سەرجەم مرۆڤایەتی حەز بە کوشتنی باوک دەکات یان بونیاد نانی پەیوەندیەکی نامەشروع لەگەڵ دایک دا، چونکە کێشەی رووبەڕووبونەوەی ئۆدیب هێندەی پەیوەستە بە شوێنگە بابەتیکەی لە رێکخستنی رەمزەکاندا، لەگەڵ بیرکردنەوە ناڕیالستیەکان دەربارەی خۆی، یاخود جیاوازی نێوان (ئەوی نوێنەری لای خەڵک و ئەوی نوێنەری لای خۆی)، چوون ئەم جۆرە کەسایەتیە زۆر جار لە نێوان جەستە و ئیدراکدا دەژین، لە بیریارانیشدا شکسپیر زانایانە گوزارشتی لەو مەسەلەیە کردوە لە شاکاری (ماکبت) دا باس لەوە دەکات کە مرۆڤ هەستی پێدەکات نەک ئەوەی کە دەیلێ، لێرەوە دەبینین لە دەربڕینە هەست پێ کراوەکانەوە نەک گوتراوەکانەوە گرنگی رزگار بوون لە غەم دەردەکەوێت، بە دوور خستنەوەی غەمیش گێڕانەوەی هەستپێکراوەکان ئاسان تر دەبێت و کێشی هەست پێکراوە نیگەتیڤەکانیش لە سەر دەروونی مرۆڤ کەمتر دەبێت... هەر ئەو کاریگەریە راستەوخۆیانەیە هەر یەک لەو کردە سایکۆلۆژیانە دەبەستێتەوە بە بە چوار تیورە فیزیکیەکەی ترەوە کە درێژی و پانی و بەرزی و رەهەندی چوارەمیش زەمەنە، چونکە هەر یەک لەو تیورانە بە پێی کارلێکراو و کارلێکەرە دەرونیەکان کاریگەری پۆزەتیڤ و نەگەتیڤی لە ناو کۆمەڵدا لێ دەکەوێتەوە، لە هەمان کاتدا کاردانەوە نەگەتیڤیەکانی مرۆڤ کاردانەوەی خراپی بۆ سەر ئەو تیورانە هەیە چ تیورەهکانی ئیبرەهام ماسلۆ و چ تیوریە رێژەییەکەی ئەنشتاین کە سێ تیورەکەی دیش لە خۆ دەگرێت، چونکە بۆ مرۆڤ هەمان گوزارشت دەگرنەوە و هەوڵ دەدەم

**زۆر بە کورتی چەند سەرەپێنوسێک دەربارەی ئەو تیورە فیزیکیانەلە دەرەوە تیوری رێژەیی، هەروەها پەیوەست بوونی ئەو رەهەندانە بە رەهەندی چوارەم کە دەمەوێ ژنی کورد بۆ خۆی دابهێنێت، دەخەمە روو بە گرێ دانیەوە بە کێشە فیزیکیەکان.**

**رەهەندی یەکەم : تیوری درێژی**

**دیارە زەمەنەکان لەگەڵ پێکەوە بوون و پێشکەوتنی مرۆڤدا دۆزرانەوە، زەمەنی یەکەم کە درێژییە "TALL " تەنها لەگەڵ یەک رەهەندا یەک دەهاتەوە ئەویش لە پێویستیەکانی مرۆڤەوە سەرچاوەی گرت، کە گەڕان بوو بە دوای خواردندا و تیرەکەی بەکاردەهێنا بۆ راوکردنی نێچیرەکەی، ئەو تیر هەڵدانەش هلێکی راست و یەک رەهەند دەبڕێت ئەویش درێژیە، کەواتە زەمەنی یەکەمی تیورە فیزیکیەکان کە پێی دەگووترێ درێژی لە سەر بنەمای پێداویستیە سەرەکیەکانی مرۆڤەوە سەرچاوەی گرتوە، کە ماسلۆش یەکەم پێداویستی بە خواردن داناوە وەکو سەرەکیترین پێداویستی مرۆڤ کەواتە هەردو تیورەکە لێک چوون، هەردوو فاکتەرەکەش گەر لە رابردوودا پابەندی توانای مرۆڤ بووە لە راوکردندا، لە ئەمڕۆدا پابەندی بواری ئابوریە و لێرەوە دەتوانین بڵێین سەرەتای داواکردنی مافی ژنان لە سەرەتای سەدەی هەڤدەوە بە داواکردنی مافی ئابوری و یەکسانی کرێ و مانگرتنی کرێکاران دەستی پێ کرد کە راستەوخۆ پابەندی نان و بژێوی ژیانە و پەیوەندیکی زۆری لەگەڵ هەردوو تیورە فیزیکیەکەدا هەیە، چونکە ئابوری ژنیش واتە تیربونی بەشێکی زۆری خواستەکانیان لە خواردن هەتا کەسایەتی ناو کۆمەڵ و خێزان و بەختەوەری خێزانی و متمانە بە خۆبوون، کەواتە تیوری یەکەم بۆ مرۆڤ واتای پێداویستیە خۆراکیەکان بێت، بۆ ژن واتای پێداویستیە مەعنەویەکانیش دەکات بۆیە کاریگەری راستەوخۆ دەکاتە سەر دەروونی ژن و ژنی دەروون ماندویش کاریگەری دەکاتە سەر ئەو تیورە.**